# لەيلا قاسم

**سەباح عەلی جاف - گەرميان**

دوێنەی گەشمەردە ( شەهيد )لەيلا قاسم مرۆڤێك لە ميهرەبانی و خەباتكار , چاوە جوانەكانی بەر لە سی و دوو ساڵ لە لايەن بەعسيەكانەوە داخراو بە دەستی فاشيەكان بۆ يەكجاری دڵە پڕ لە جۆش و خرۆشەكی لە لێدان كەوت.

لە ساڵی 1953 خاتوونی قارەمان لەيلای گەشمەردە لە بنەماڵەيەكی كورد پەروەر لە ( نەفت خانە ) ی خانەقی چاوی بە كوردستانی سەوز هەڵهێناوە و هەر بە منالی تێكەڵی خەباتی نەتەوەيی بووە، وەك يەكەمين ژنی گوێ چەمی ئەڵوەن بە بێ گوێدانە جياوازی رەگەزی تێكەڵی رێكخستنەكانی پارتی ديموكراتی كوردستان دەبێت و هەستی مرۆڤانەی كوردايەتی لە دڵە گەورەكەی دا هێلانەی عشق دەكات.

كچێك كە توانی قەناعەت بە خانەوادەكەی بهێنێت بەوەی كە رێگەی پێبدەن بچێتە بەر خوێندن، لە ساڵی 1959 وەك يەكەمين كچ دەست دەكات بە خوێندن و بە هەوڵ و تێكۆشانی خۆی و بنەماڵەكەی توانی لە كۆلێژی ئاداب – بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی بەغداد وەربگيرێت و درێژە بە خوێندن و خەبات بدات.

گەشەكردنی هەستی نەتەوەيی و سياسی لای خاتوو لەيلا گەيشتبووە ئاستێك كە توانی لە خەباتی نهێنی دا گەشە بە بازنەی رێكخستن بدات و چەندين كەس بە خەبات و شۆڕش بكات، لە ناوچەكەدا وەك يەكەمين ژن توانی چەرخێكی نوێ بە خەبات بداتەوە و مۆدێلێكی تازە بە كۆمەڵ بڵێ ئەويش بەشداری ژنان بوو لە شۆڕش و سياسەتدا و ئەو كۆت و بە ندانە بشكێنێ كە لەو بڕوايەدا بوون تەنها پياوانی كورد دەتوانن ببنە هاوڕێ شاخ و چەك و سياسەت .

ئەفسوس فاشيەكان نەيانهێشت لەيلا درێژە بە خەباتی سياسی و نەتەوەی ژنی كورد بدا، بەعسيەكان سەرسام بوون كە ئاستی هۆشياری نەتەوەيی ژنی كورد بەو رادەيە گەشە بكات و هەر بۆيە دوای زيندانی كردنی خاتوونی گەرميان و كوردستان، بەرەبەيانی ( 13ی ئايار 1974 ) لە سێدارەيان دا و لەيلاو خەباتيان لەيەك دابڕی، بەلاَم ئەوان نەيان زانی لەيلا قاسم پشكۆيە بۆ هەزاران لەيلای تری كوردستان.

هەزاران سلاَو لە گيانی پاكی يەكەمين ژنە گەشمەردەی كورد لە باشوری كوردستان لە پێناو چەسپاندنی ئازادی و سەر بەخۆی گيانی بەخشی و رێگەی بۆ دەيان ژنی كورد خۆشكرد بۆ تێپەڕين بە رێگای خەباتی ژنان و كوردايەتی .

دوای سی و دوو ساڵ لە شەهيد كردنی خاتوو لەيلا قاسم دەكرێ وەك وەفايەك دەزگايەكی گەورەی هۆشياری و رۆشنبيری تايبەت بە ژنان بەناوی ئەو شێرە ژنە درووست بكرێت لە خانەقين، شەقام و قوتابخانە و دەزگای رۆشنبيری تر بەناوی ئەم خاتوونەوە لە كوردستاندا ئاراميبە بۆگيانی و هۆكارێكە بۆ ناساندنی خەبات و كەسايەتی لەيلای جوانەمەرگ و خەباتی ژنان لە كوردستان و گەرميان.